# ڕونکردنەوەیەک لەسەر ڕونکردنەوەکەی وزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی سولەیمانی ... عەلی مەحمود محەمەد 17-9-2005

سەعاتێك لەمەوبەر ڕونکردنەوەیەکی وزارەتی ناوخۆیی حکوومەتی هەرێمی کەلار و سولەیمانیم خوێندەوە، تەنها بە ڕونکردنەوەی وزارەتی ناکرد، بە قسەی فەرمی حکوومەت و دەزگایەکی بەرپرس بەرامبەر بە ئاسایشی هاوولاتیان و پارێزگاری لە پرینسیبەکانی دیموکراسی ناکرد، بە ئاخافتنی وتەبێژی حکومەتێکی ناکرد بانگەشە بۆ سۆسیال دیموکرات و دیموکراسی و ئاسایش و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەلەکەی بکات. تەنها بە وتەی وزارەتێکی ناکرد، وەزیرە بەڕێزەکەی هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوڕێبازی شەهید ئارام و خالید گەرمیانی و. . . بێت.

لە ولاتان چەندە دەستوور و یاسا و دادگا و ڕاگەیاندن پارێزگاری لە دیموکراسی دەکات، دوو ئەوەندە وزارەتی ناوخۆ هەوڵ و کۆشش دەدات بۆ ئەوەی بڕیارەکانی وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتەکەی کورت نەهێنێت لە بەرامبەر دیموکراسی و پراکتیزەیان بکات.

بۆئەوەی بزانیت لە ولاتێکدا دیموکراسیەت هەیە، سەیری فایلی وزارەتی ناوخۆیی بکە، سەیری ژمارەی ئەو خۆپیشاندانانە بکە نەیاران سازیان داوە و ئەو وزارەتە ڕێگەی پێیان داوە، سەیری ژمارەی کوژراوەکانی خۆپیشاندانەکان و قاچبڕینەوەی بریندارەکانی وەك لە کەلارەکان بکە.

کەچی وزارەتی ناوخۆییەکەی سلێمانی، تەقە بەبان سەر خۆپیشاندەرانی زانکۆی سولەیمانی و ئاوارەکانی کوردستانی خۆرهەلات دەکات، لە کەلاریش لە بڕی ئەوەی ئەو هێزە ئاخر مۆدێل و مۆدێرنە بەکاربهێنێت لە بەرەو ڕووبونەوەی جەماوەر، کە چەند ڕۆژێك پێشتر لە فێرگەکانیدا ڕایانییان دەهێنا، تا بەشێوەی مۆدێرن بەرەنگاری خۆپیشاندەران ببنەوە، لە جێگەی گوللە ئاوو گوڵ بەکاربهێنن، کەچی بە 75ی وەلامی خەڵکی کەلارێك دەدەنەوە، کە وەزیری ناوخۆییەکەی لە سەردەمی پێشمەرگایەتییدا هەزاران جار نمەکییانی کردووە.

لەو لاوە ڕۆژنامە زمانحالەکەی بەیاننامەی نەفیر عام دەرەکات و ڕۆژنامە نووسە بە ئەزموونەکەی گەرمیانیش، دیموکراسی خوازەکەی مەڵبەند، پۆست مۆدێرنەکەی کوردستانی نوێ، شان بە شانی تەقەی ئاسایش و پۆلیس لە خەڵك، هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان دەکات و چاوییان لێ سووردەکاتەوە. هەموو بەهانەشیان بۆ سەرکووتی خەڵك، ئەوەیە ئەم خۆپیشاندانانە ئیجازەی نەبووە؟.

باشە ئیجازەی خۆپیشاندان لە بازاڕ نییە خەڵك بیکڕێت، بەدەستی ئێوەیە، ئێوەش تەنها بەوانەی دەبەخشن، با بژی بۆ حیزب و عاش سەید ڕەئیس بۆ سەرۆك دەکەن.

ئەگەر وەزیری ناوخۆ وەفادار بوایە بەرامبەر خەڵکی گەرمیان، بەرامبەر بەو نمەکەی لە ڕۆژە سەختەکاندا کردوویەتی، دەبوایە دوای ئەو کارەساتە وەك نارەزایەتییەك یەکسەر ئیستقالەی پێشکەش بکردایا، نەك لە جیاتی ئەوە بێت وزارەتەکەی ڕاسپێرێت لە وەلامی مندا ئەم وشە کرچ و کالانە بکاتە وەلامدانەوە. شانازییە بۆ من لەناو ئەو دەیان و سەدانەی لەسەر کەلاریان نووسی منتان هەڵبژارد بۆ وەلامدانەوە، ئەوە بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە بابەتەکەم لە هەموو نووسینەکانی دیکە زیاتر پشووی سوار کردوونە کاریگەر بووە.

لە وزارەتی ناوخۆیی هەرێمی سلێمانی و کەلار دەپرسم، تا ئێستا ڕێگایان بە چەند خۆپیشاندنی نەیارانییان داوە؟، ئەگەر وەڵامیان هەیە ناوی دوو دانە لەو خۆپیشاندانانەم بۆ بژمێرن؟.

بەڕێزم دیموکراسی دڵداری نییە، دیموکراسی ململانێی پشت شکاندنی سیاسییە، ، ئەگەر دڵتان بەو حیزبانە خۆشە بوونە بە باخچەی بەر دەرگای دیموکراسییەکەتان، ئەوانە گوڵی خۆتانن نەك نەیار، ئەوان نارەزایەتییان نییە بەڵکو پارانەوە و پرتەو بۆڵەی بەش خورانیان هەیە.

بۆ ئەو بڕیارەی کە فەرمانبەرێك بەشداری خۆپیشاندان بکات لەسەر کار دەردەکرێ، بە وتەی ئێوە گوایە لە گیرفانم دەرمهێناوە، جارێ ئەمەی خوارەوە دەخەمە بەردەستان، کە نەك فەرمانبەر بەڵکە قوتابیانیش دەگرێتەوە، کە لە ڕۆژنامەیەکی نزیك لە خۆتان بڵاوی کردۆتەوە. ئایا دەزانن لەسەردەمی بەعسدا قوتابیان دوای تەواو بوونی ماوەی زیندانییەکەیان دەگەڕانەوە جێگای خۆیان؟.

لەوانەیە پاکانە بکەن و بڵێن ئێمە وتوومانە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت. بەڵام پێم ناڵێن مۆڵەتی خۆپیشاندان تا ئێستا بەکێ دراوە لەوانەی زیان دەگەیەنن بە پەزەکان، بەوانەی دژ بە دەسەڵات و داهات و قۆنترات و دزی و تاڵانن؟.

http://kurdistannet. org/9-2005/17-9/runkrdnee. pdf


ئاسۆ

ژمارە 90 یەکشەممە 2005/5/22 نرخی 250 دینار

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە
خەندان بۆ پەخش و وەشاندن
دەریدەکات
www.xandan.com

دروستکردنی نەتەوەیەک لەسەر کاغەز

## ڕێپێوان و مانگرتن لە زانکۆی سلێمانی قەدەغەکرا

**هێمن باقر، سلێمانی:** بەپێی فەرمانێکی وەزیری خوێندنی باڵا "سلێمانی"، زانکۆی سلێمانی مانگرتن و ڕێپێوانی خوێندکاران و فەرمانبەران قەدەغە دەکات.

بەپێی ئەم فەرمانە مانگرتنی خوێندکاران یان فەرمانبەران قەدەغەیە و هەر کەس بیکات لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت و هەموو جۆرە ڕێپێوانێکیش دەکرێت دەبێت پێشوەخت مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت. لە فەرمانەکەدا هاتووە ئەو فەرمانبەرانەی کە مانـدەگرن دابڕانیان بۆ دەنووسرێت.

د. عوسمان عەبدول بەرزنجی ڕاگری ڕاگرایەتی کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی سلێمانی وتی: "ئەم فەرمانە لە ئەنجومەنی وەزیران "سلێمانی" دەرچووە و وەزیری خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەیەکدا پێی ڕاگەیاندووین و ئێمەش خوێندکارانمان لێ ئاگادار کردۆتەوە". هەروەک ئاماژەی بەوەشکرد کە لەسەر ئەو بنەمایە ئەوان خوێندکارانیان ئاگادارکردووە کە بەهیچ شێوەیەک ڕێپێوان ناکرێ مەگەر مۆڵەت وەربگیرێت و پێشوەخت داخوازییەکانیشیان پێشکەش بکرێت تا بزانین چییان دەوێت، "چونکە خوێندکاری وا هەبووە کە بەشداریی مانگرتن و ڕێپێوانی کردووە، کاتێک لێت پرسیوە چییان دەوێت، وتوویەتی نازانم". هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگەر داوا پێشکەش بە ڕاگرایەتی و ئەنجومەنی زانکۆ کرا و ئەوان پەسەندیان نەکرد، د.عوسمان وتی: هەموو کەسێک بۆی هەیە داوای ڕەوای خۆی بکات نەک داوایەک کە ڕەوا نەبێت، دەبێ ئەو داوایەی کە دەکرێت، بەرژەوەندیی گشتیی تێدا بێت نەک بەرژەوەندیی تاکە کەس و گۆمەڵێکی دیاریکراو. هەروەک ئەو بڕیارەشی بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەمداو ئاماژەی بەوەشکرد کە هۆکاری دەرچوونی فەرمانێکی لەمجۆرە لەلایەکەوە پەیوەندیی بە باری ئاسایش و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی بە جۆری داواکارییەکانی خوێندکارانەوە هەیە، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەهیچ جۆرێک ئەم فەرمانە دژی مافەکانی مرۆڤ نییە بەڵکو ڕێکخستن و کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکانە تا بە شێوەیەکی هەرەمەکی بەڕێوەنەچێت.

هەموو جیهان دەڕوانێتە جاڵەکانی ژێرەوەی شـ